# کۆمپانیای یاران بۆ سازدانی ئاهەنگ و شەوی کوردی

دەستەی بەڕێوەبەری کۆمپانیای **یـاران** مزگێنی دامەزراندنی یەکەمین کۆمپانیای ئاهەنگ و شەوی کوردی لەسەر ئاستی ئەورووپا بە ڕەوەندی کورد لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا ڕادەگەیەنێ. وەک دەزانرێ ئێستا ژمارەی کوردی نیشتەجێ لە ئەورووپا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و، لە هەر شارێکی گەورەی ئەورووپادا هەزاران خێزانی کورد دەژین کە بەشی زۆریان سەرقاڵی کارن و، زۆر بەکەمی و تەنیا لە بۆنە نەتەوەیی و سیاسیەکاندا هەلیان بۆ دەڕەخسێ لە نزیکەوە گوێ بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی ڕابگرن و، چەند ساتێک باری گرانی ژیان لەبیر بکەن و، مێشکیان بە هونەری تەڕ و پاراوی کوردی زاخاو بدەن. دەستەی دامەزرێنەری کۆمپانیای **یـاران** بەمەبەستی سازدانی ئاهەنگ بە شێوەیەکی دەوری و، بۆ گەیاندنی هونەری کوردی بە ئاستی هونەری ڕەوەندەکانی تری بیانی لە ئەورووپا، بڕیاری دا لەسەر ئاستی ئەورووپا یەکەمین کۆمپانیای ئاهەنگ و شەوی کوردی بە ناوی کۆمپانیای **یاران** دابمەزرێنێ. کۆمپانیای **یاران** کە مۆڵەتی یاسایی لە دەزگا تایبەتمەندەکانی وڵاتی ئەڵمانیا وەرگرتووە, لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست بە کاری خۆی دەکات و هەوڵ دەدات لە کۆتایی هەر هەفتەیەکدا لە یەکێک لە شارە گەورەکانی ئەورووپا و بە بەشداری هونەرمەندانی ناسراوی کورد, ئاهەنگێکی قەشەنگ و ڕازاوە بۆ جەماوەری کوردی نیشتەجێی ئەو شارە و دەوروبەری ساز بکات. لە داهاتوویەکی نزیکدا جەماوەری هونەردۆستی کورد لە شوێن و کاتی ئاهەنگەکانی کۆمپانیای **یـاران** ئاگادار دەکەینەوە.

دەستەی بەڕێوەبەری کۆمپانیای **یـاران**

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە:

YARAN

Konzert- und Festveranstaltung
Postfach 1776 06815 Germany
Yaranmusic@hotmail. com
Tel: +49 173 635 39 05
+49 160 380 49 58
Fax: +49 340 210 61 65

www.kurdistannet.org